# بۆ خونچەکان

هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com



ئەی خونچە دڵ خاوێنەکان
ئێوە لە گوڵی باخێکی بێ باخەوان و بێ ئاو ن

ئەگەر ڕۆژێ بۆ داهاتوو گەشانەوە
نەکەن لەدەستی دزێکی بێویژدانی ئەم وڵاتە
نمایشی جوانی بکەن
نەکەن لەبەر پێی پیاوێکی دەسەڵاتا
هەڵوەرێنو ڕێگایان بۆ
پڕ لە بۆنی گوڵاو بکەن

بڕۆن ببن بە ڕێبەری ئاوی ڕووبار
لافاوی گوڵ و گڕ و ئاو
دروست بکەن
کۆشکو تەلاری خائین و خۆ فرۆشان
تێکەڵ بە شەپۆلی ڕق و حەقیقەت کەن
باخو بێستانی دزانی ئەم سەردەمە
بەدەردی قورو چڵپاوی
نێو گەڕەکی هەژاران بەن

بەڵام کاتێ
کە دەگەنە بەردەم باخی
هەژاران و بێ نەوایان
هێمن هێمن
سازگار وەکو ئاوی کانی
گوڵو گوڵزاریان پاراو کەن
ئاوپرژێنی باڵایان کەن
فێری ئازادی و سەربەستی و شیعر و خۆشەویستییان کەن

---

تێبینی : وێنەکە لە ماڵپەڕی کوردستاننێت وەرگیراوە

2007.02.02